# چەند سەرنجێک دەربارەی یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارەی٨ی ساڵی ١٩٨٨

پارێزەر/ کارزان ڕەشید عومەر



ئەم یاسایە بایەخێکی گرینگی هەیە لە ژیانی کۆمەڵەتییدا، بەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر زەرووڕەتی پاراستنی بەها ئاکارییەکان و پاراستنی کۆمەڵگا و ئادابە گشتییەکان تیایدا، لە ڕاستیدا دەسەڵات لە کۆمەڵگادا کاتێک کە ڕووبەڕووی حاڵەتێکی وەک تاوانی لەشفرۆشی دەبێتەوە لە بەردەم دوو هەڵبژاردە دا خۆی دەبینێتەوە، کە هەر یەکەیان دەرهاویشتەی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە یان دەبێت بە یاسا نەیهێڵێت و بیکاتە تاوان، یان دەبێت ڕێکی بخات. بەهەرحاڵ یاسادانەری عێراقی وای بە باش زانیوە چارەسەری یەکەم هەڵبژێرێت و هەر لە ناونیشانی یاساکەشەوە بە ئاشکرا دیارە کە یاسادانەر دەیەوێت، ئەم حاڵەتە نەهێڵێت. بەڵام با بزانین ئایا بەڕاستی یاسادانەری عێراقی توانیویەتی لە بەردەم حەقیقەتی کێشەکەدا بوەستێت و بنبڕی بکات؟ ئایا تا چەندێک یاسا کە بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات کە خۆی لە واقیعدا هەیە؟ ئەم یاسایە بە پێی بڕیاری ژمارە (٣٩) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێشووی دەرکراوە و لە ڕۆژی١٩٨٨/١/٢ دا لە ژمارە ٢١٨٦ی ( الوقائع العراقیە) بڵاو کراوەتەوە یاساکە تەنها لە پانزە مادده پێکهاتووە. سەرەتا لە